www.kurdistannet.org
18-2-2003 9:18

یەك مانگ = 40 رۆژ. . . وە هەروەها!!!. . .

ئەیوب گەلاڵی
ayoubgalali@hotmail.com

پێم وابێ تاکە زەردەرمەند کە هەبێت لەو هەڵمەتەی ئێستای ئەمریکا دژی تیرۆر و ئەگەری لێدان و لێنەدانی عێراق، فەرمانبەرە خێر نەدیتی و ـ لاحول و لا قوظهم ـ کانی ئەو مەفتەنە پڕمەترسی و گرنگ و هەستیارەی ئێمەیە، چونکە لە سایەی ئەو تەنگەژە و قەیرانەوە:

* یەك مانگ بووبە 40 رۆژ (ئەگەر لەمەوبەدوا لە حساب بمێنێ) .

* موچەی فەرمانبەران بوو بە دۆلارو هەر دۆلارێکیشیان ـ رغما علی انفهم ـ بۆ بە 10 دینار حسێب کرا کەچی لە بۆرسەکانی کوردستان یەك تاکە دۆلار لە (8) دیناری سویسری تێپەڕ ناکات.

* نرخی نەوت و گازو بەنزین بە یەکجار فڕین کەسیش ورتەی لێوە نایەت.

* کرێی خانوو لە شاروشارۆچکەو گوندەکانی دەرەوەی پارێزگاکان بە تایبەتی لە ناوچەکانی نزیك سنوور بە جۆرێك هەڵکشاوە هەر خوا بەخۆی دەزانێ بۆتە چەند، بیانوەکەش ئەوەیە کە خەڵك لە لێدانی چەکی کیمیایی دەترسن و نایانەوێ بەو ئاخیرو ئۆخرە مالئاوایی لە دنیا بکەن، لە ناوەوەش ـ لەگەڵ دابەزینی نرخی دۆلارو بەرزبوونەوەی بەهای دیناری سویسری ـ کرێی خانوو هەروەکو خۆیەتی و بگرە گرانتریش بووە.

* بازاڕی (رەشماڵ) بووەتەوەو ماڵ نییە رەشماڵێکی سەفەری تێدا نەبێ.

* ئامێرە (ویقائیەکانی) خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی بەدەست ناکەوێ و کەسیش نییە خەمێکی لێ بخوات.

* دیاردەی بێکاری زیاتر پەرەی سەندوەو بەرامبەر بەوەش پلێتی یانەسیبی (بۆن بۆن) سەدهەزار دانەی لە راکێشانی پێشووی زیاتر کردو یەك دانەشی لە بازاڕ نەماو پلێتی (لۆتۆ) ش وەکو خۆیەتی.

* زۆر لە مەسئوولە بەرپێزەکان بە حساب و کتاباتی خۆیان دا چوونەوەو خۆیان بۆ (رحلة الشتا و الصیف) ئامادە کردوە. . . . ئەمانەو دەیان هەواڵی تر کەوا بەرپێوەن.

سەبارەت بەو شەش خاڵەی دواین رەنگە هەندێك موبەریرات و چەند شێروگورگێکی بۆ بهێنرێتەوە، وەلێ سەبارەت بە هەردوو خاڵی سەرەوە ئەوا بڕوایەکی موتلەقم هەیە ئەگەر (فیساگۆرس و خەوارزمی و حەسەنی کوڕی هەیسەم) ئێستا لە ژیان بمانایەو ئەو هاوکێشە ماتماتیکەیان بەچاوی خۆیان بینیبا نەك هەر سەریان لێ تێك دەچوو واقیان وڕدەما، بگرە دووچاری جەڵتەیەکی کتوپڕی دەبوون و دەچوونە خانەی خوالێخۆشبوان و لافیتەیەکی رەشیشیان لە دیواری قەڵاتی هەولێر بۆ هەڵدەواسرا، ئاخر ناهەقیان نییە، چونکە زۆر زەحمەتە هاوکێشەی :

یەك مانگ = 40 رۆژ
1 دۆلار= 10 دینار (کە ئێستا لە بازار بە 8 دینارە)

بە هیچ زاناو پسپۆرێکی ماتماتیك شیکار بکرێت. !!!!!!!!!

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت..... 2003-1-15